www.kurdistannet.org
29/06/2003 23:16

# راگەیاندنی ئەنجامەکانی کۆبونەوەی جڤاتی هەمیشەیی لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

**( خولی :١. کۆبونەوەی :١. برۆکسل ٢٢. ٦. ٢٠٠٣ )**

جڤاتی هەمیشەیی لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە رۆژی ٢٢ حوزەیرانی ٢٠٠٣ لە ناوەندی گشتی کۆنگرە لە برۆکسل یەکەمین کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا.

لەم کۆبونەوەیەدا وت و وێژ لە سەر رەوشی سیاسی کوردستان و رۆژهەلاتی ناوەراست و جیهان کرا. لە گۆر دیتن و بۆچونەکانی جڤاتی هەمیشەیی لەم قۆناخە گرنگ و هەستیارەدا رۆلێ و ئەرکی کۆنگرە لە هەموو کاتێ گرانترە.

بە لەنێوچونی رژێمی سەدام حوسێن بارێکی نوێ لە ناوچەکە هاتۆتە کایەوە کە دەرفەتی نوێ لە بەردەم تەڤگەری کورد دەرەخسێنێ. بەلاَم لە هەمان کاتدا مەترسی نوێش لە گەلٚ خۆیدا دەهێنێ. بۆیە جڤاتی هەمیشەیی بانگ لە هەموو هێز و پارت و رێکخستنە کوردستانیەکان دەکا کە بۆ وەلاَمدانەوەی ئەرکەکانی ئەم قۆناخە هەستیارە پێویستە بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی هەلٚس و کەوت بکەن.

دوای نرخاندنی رەوشی سیاسی راپۆرتی کار و خەباتی شەش مانگانەی کۆنسەی بەرێوەبەر پێشکەش کرا و گفت و گۆی بەرفرەی لە لایەن ئەندامانەوە لە سەر کرا. هەرچەندە بە بەراورد لە گەلٚ شەش مانگی پێشودا کار و خەبات باشتر بینرا لە گەلٚ ئەوەشدا لە گۆر پێداویستیەکانی سەردەم کەم بینران و رەخنەی توند ئاراستەی کار و خەبات و چالاکیەکانی کۆنسە کران. لە سەر بریاری جڤاتی و پێشنیاری کۆنسەی بەرێوەبەر هەشت ئەندامی نوێ بۆ جڤاتی گشتی قەبولٚ کران. بۆ پرکردنەوەی بۆشایی جێگەیەك لە کۆنسەی بەرێوەبەردا هەلٚبژاردن کرا و جێگەکە پر کرایەوە.

دوای ئەوە لە سەر پلاَنسازی دەمی نوێ وت و وێژ و دان وسانی فراوان کرا و بریاری پێویست وەرگیران.

لە ئەنجامی کۆبونەوەی جڤاتی هەمیشەییدا ئەم خالاَنەی خوارەوە بۆ بیر و رای گشتی رادەگەیەنین :

- جڤاتی هەمیشەیی کۆنفرانسی چارەسەری لە چوارچێوەی داخوازی وسیاسەتی خۆیدا دەبینێ و کۆنسەی بەرێوەبەر بەرپرسیار دەبینێ لە جێ بە جێکردنی بریارەکانی.
- جڤاتی هەمیشەیی هەولٚ وپلاَنی دەستێوەردانی دەولٚەتانی تورکیا و ئێران و سوریا لە دژی بزاڤ و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان شەرمەزار دەکا بە تایبەتی پلاَنی دژ بە دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە باشوری کوردستان و هێرش لە دژی هێزەکانی کادەك کە وەکو دوژمنایەتی ئاشکرا حیسابی دەکا.
- بۆ روونکردنەوەی سیاسەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و چارەسەرکردنی دۆزی کورد پێویستە نامە بنێردرێ بۆ دەولٚەتانی هاوپەیمان و بەرێوەبەرایەتی هاوپەیمانان لە عیراق وباشوری کوردستان و دەولٚەتانی هەرێمەکە. ن
- بۆ پێشگرتن لە ئالۆزی زیاتر لە رۆژهەلاَتی ناوەراست بانگ لە دەولٚەتی تورکیا، ئێران و سوریا دەکەین لە رێگەی دیالۆگ و رێکەوتن لە گەلٚ هێزە کوردییەکاندا دۆزی نەتەوەیی کورد چارەسەر بکەن.
- بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لە گەلٚ گەل و هێزە سیاسیەکانی باشوری کوردستاندا پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان خەباتێکی جیدەست پێ بکا و بۆ کردنەوەی بیرۆیەك لە باشوری کوردستان شاندێك بەرێ بخا.
- جڤاتی هەمیشەیی پشتگیری لە هەولٚی یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی باشوری کوردستان دەکا و لە هێزەکانی باشور داوا دەکا زەمینە خۆش بکەن بۆ بەهێزکردنی پەرلەمان.
- جڤاتی هەمیشەیی پشتگیری لە پرۆژەی چارەسەری فیدیرالی لە عیراق و باشوری کوردستان دەکا کە لە لایەن پەرلەمانی باشوری کوردستانەوە بریاری لە سەر دراوە.
- جڤاتی هەمیشەیی پشتگیری لە هەولٚەکانی بەهێزکردنی کۆمەلٚگەی مەدەنی لە باشوری کوردستان دەکا. لەم بوارەدا پشتگیری لە بریاری دەستبەرداری خەباتی چەکداری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و بەشداری لە خەباتی سیاسیدا دەکا و

بەنمونەی دێنێتەوە. داوا لە رێکخستنەکانی باشوری کوردستان دەکا کە لەم بوارەدا ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆیان بە جێ بێنن.

- جڤاتی هەمیشەیی داوا لە حکومەت و پەرلەمانی باشوری کوردستان دەکا کە هەڵوێست لە بەرامبەر هێزە کوردییەکانی بەشەکانی تری کوردستان لە سەر بنەمای دیالۆگ و بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوەیی بێ.
- جڤاتی هەمیشەیی پشتگیری کەمپەینی بەشداریکردنی دیموکراتی سیاسی و جڤاکی لە باکوری کوردستان دەکا. وەکو پێشمەرج و بۆ پێشگرتن لە شەرێکی نوێ پێویستە زەمینە خۆش بکرێ بۆ بەشداری پێویست و دیالۆگ و رێگەی ئاشتی لە نێو لایەنەکاندا بکرێتەوە.
- جڤاتی هەمیشەیی هەڵوێستی دوژمنکارانەی دەوڵەتی تورك لە بەرامبەر بەشدارانی ئەم هەڵمەتە بە تایبەتی لە بەرامبەر ژنان بە توندی شەرمەزار دەکا. هەروەها جڤات دەستدرێژی بۆ سەر تێکۆشەری کورد گولیزار کویندوز وەکو دەستدرێژییەك بۆ سەر کەسایەتی گەلی کورد دەبینێ. بۆ پێشگرتن لە رووداوی لەو جۆرە ئەنجامدانی هەڵمەتێك بە پێویست دەزانێ.
- جڤاتی هەمیشەیی پشتگیری هەڵمەتی ئازادکردنی پەرلەمەنتەری کورد لەیلا زانا دەکا.
- جڤاتی هەمیشەیی پشتگیری خۆپیشاندانی خوێندکاران و گەلانی ئێران دەکا بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ.
- جڤاتی هەمیشەیی بریاری لە سێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد لە ئێران بە توندی شەرمەزار دەکا.
- جڤاتی هەمیشەیی زۆرداری و ستەمی رژێمی سوریا لە سەر گەلی کورد و بەتایبەتی زیندانیکردنی تێکۆشەرانی باشوری رۆژئاوا و رادەستکردنی تێکۆشەرانی باکور بە دەوڵەتی تورك بە توندی شەرمەزار دەکا.

**جڤاتی هەمیشەیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت